# هەڵپێچانی باندە ئیسلامیەکانی لەچەشنی شیخ زانا ، کاری خەڵکی کوردستان و بەرەی رادیکالە!

نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

ئاشکرابونی باندی تیرۆریستی ئیسلامی شیخ زانا و کارە وەحشیەکانیان کە بەپێی بنەماکانی ئیسلامی سیاسی ئەنجامیان داوە، هەموو مرۆڤێکی بەئیحساس و مرۆڤ دۆست رادەچڵەکێنیَ، بۆ جارێکی کە لەم جۆرە کارەی ئیسلامی سیاسی کەبەشێکە لەبەرنامەیان و لیان جیانابیتەوە، بۆخەڵکی کوردستان راچڵەکانێکی گەورەیە کەئاورێک لەئاییندەی خۆیان بدەنەوە، ئەم کارەساتە یەکەم کارەساتی جەرگ برو ترسێنەری ئیسلامیەکان نیە لەکوردستان، یەکەم کوشتن و بیحورمەتیکردن بەئینسان نیە، یەکەم سەربرین و پارچە پارچەکردنی ئینسان و هەلخەلەتان و تەعداکردنی بەزۆری جنسی نیە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە ئەنجام دەدریت و تەنانەت یەکەم فتوای کوشتن و ئیعدام کردنی ئەم باندە ئیسلامیانە نیە، خەلکی کوردستان هیشتا کارەساتە تیرۆیستیەکەی ئیسلامیەکانی لەئاوایی خێڵی حمە لەبیرنەکردبوو، خەلکی هیشتا کارەساتی شوباتی هەولێری لەپیش چاو نەرەوییۆوە کە ئەم باندە ئیسلامیەی شیخ زانا بەتۆختر و زەقتر ئەو کارانەیان ئەنجام دا کەخەلکی کوردستان قوربانیەکەیاندا، باندێکی ئیسلامی ترسناک بەبەرنامەی نوێوە بۆ ئەوەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا ببێتە هیز لەناو جەرگەی هیزەکانی ئەحزابی کورددیدا سەرهەلدەدەن، مامۆستاکانی باندی شیخ زانا هیشتا لەکوردستاندا مەوجودن و رۆژانە لەمزگەوتەکانەوە فتوا دەدەن لەچەشنی هەر ئیستای مەلا بەشیر، لەچەشنی باندە ئیسلامیەکانی بزوتنەوە ... ئەمانە پەیامێکی ترسناکیان پێیە لەبەرنامەی ئیسلامی سیاسی بۆ خەلکی کوردستان و ئیتر بۆ خەلکی کوردستان وەلامێکی خیراو جدی ئەویت.

## واقعیەتی ئەم باندە ئیسلامیانەو هەلویستی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردی

ئەم باندانە هەر لەشیخ زاناوە تا ئەنسار ئیسلام، ئەنسار سونە، بزوتنەوە و ...، تا دەگاتە مەلاکریکارو مەلابشیر و مەلاعەلی و کۆلکە مەلاکانی سەر بەیەکیتی و پارتی هەمویان ئیسلامن و ئیسلامی سیاسین و پەیامیکیان بۆ کۆمەلگای بەشەریو بەتایبەت بۆ کۆمەلگای کورستان، کەبەپیی بەرنامەو نەهجی ئیسلامی کاردەکەن و هیچ لادانێکیان نەکردوەو دروستبون وپەروەدە بونیان بەپێی ئەو نەهجیە، ئیتر نازانم ئەمانە لەئیسلام بێبەرین وئیسلام نین یانی چی!؟ نازانم ئەگەر جمهوری ئیسلامی ئیران، سعودیە، تالیبان و سودان و حزب اللەی لوبنان و اخوانی میسر تا دەگاتە هەموو ئەو جروجانەوەرانەی کوردستان کەئیشارەم پیداوە ئیسلام نین و ئیسلامی سیاسی نین ئەبی کی بی ئسلام و ئەو ئیسلامە ئەسلیە کامەیەو لەکوێیە!؟ هەر پارتی و یەکیتی خۆیان عەمامەکانی ئەوان هەلنەگرن و خۆیان بکەن بەئیسلامی رەسەن و ئەسڵ باشە! هەر کەسیک و لایەنیک ئەوانە هەموی بەئیسلام نازانیت، ئەوە یان دەیانەوێت خۆل بکە نە چاوی خەلکی کوردستانەوە، یان خۆیان بەشیکن لەو حەرەکەتەو بەرژوەندیەکیان لەوەدا هەیە!، ئەم خۆگیل کردن و خۆلکردنە چاوی خەلکی مەدەنی و سکۆلاری کوردستانەوە بەئاشکرا لەقسەکانی ( خورشید شیرە ) لە ئەوقاف و وەزارەتی پارتی و نیچیرەوان بارزانی بەئاشکرا دەبینریت و نان لەئیسلامی بونی زۆربەی خەلکی کوردستان و ئەو باندە ئیسلامیانە لەئیسلام بیبەرین دەخۆن، پارتی دەیەویت خۆی لەم کیشەیە بدزیتەوە کەیەخەی پیگرتوەو کونی کردوەتە ناو ریزەکانی پارتیەوە، دەیەویت بەبەرنامەکانی بەرنگاربونەوە لەگەل تیرۆرو هینانی مەلا کۆنەپەرست و فتوادەرەکان، دەمی خەلکی کوردستانی ببەبەستن و حاکمیەتی 15 سالەیان لەکودستان کەپرە لەکوشت و برین و دروستکردنی ئەم جۆرە باندە تیرۆریستانە هەروا ئیدامە بدەن.

ئەوا یەکیتی دەیەویت لەکەشف بونی ئەم باندە ئیسلامیە تیرۆریستیەی شیخ زانا، نان بخوات لە بە رامبە ر پارتیدا، هەرکەس قسەکانی جلال تالەبانی گویَ لێبیت کەدەلیت ئیمە پیش پرۆسەی رزگار کردنی عیراق ئەم باندەتیرۆریستانەمان لەناو برد، و حاکم قادر ئاگاداربونی یەکیتی و باش ناسینی ئەم باندە ئاشکرا دەردەخات کەچەند رۆژ پیش ئاشکرا بونیان شیخ زانا چوەتە لایان و داوای ئەو پارەیەی کردوە کەپیشتر لەگەل تی ئین تی و تەقەمەنی دەستگیرکراوە کەبۆ کاری تیرۆریستی ویستویانە بەکاری بهینن و شتی تریشیان درکاندوە کە ئەم باندە پەیوەندی بەحزبیکی کوردستانیەوە بوە، واتە بیجگە لەو کۆمەکانەی کە بەباندە سیاسیە ئیسلامەیەکەی شیخ زانا ( کۆمەلەی جیهادی ئیسلامی )، لەلایەن پارتی و ئیران و ئەفغانستانەوە کراوە، لەلایەن حزبیکی تری کوردیشەوە تەقویەت کراوە و حاکم قادر ئەمەی نەدرکاندوە، رەنگە حەقی بیت لەبەر پەیوەندی دیبلۆماسی یەکیتی لەگەلیان وا بخوازیت و رەنگە ئەو حزبە کوردیەی تریش شتی یەکیتی لەم بابەتەی لەبەردەستدا بیت و ئەبیت چاو لەیەکیتی بپۆشن و بۆ تەنگانەی دابنێن!.

## ریگای هەلپیچانی تیرۆریزمی ئیسلامی لەکوردستان

ئیتر ئاشکرایە ئەوە نەیەکیتی و نەپارتیە دست دەبەن بۆ ریشەکیش کردنی ئەم باندە تیرۆریستانەو نەدەیانەوێت ئەمەش بکەن، لەبەر ئەوەی کەنانی لیدەخۆن لەچەند روەوە، دەورەیەک لەگەل جمهوری ئیسلامی ئیرندا بازرگانیان پیوە دەکرد، دەورەیەک لەکیشمەکیشی نیوان پارتی و یەکیتیدا هەر یەکەیان دەیویست بەشی زۆری ئیسلامیەکان راکیشن و دەیانهینانە ناو وەزارەتەکانیانەوە. لەبەرامبەر فتوای ئیسلامیەکان بەدژی ژنان و روناکبیرو چەپ و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا، ئەمان پشتگیریان دەکردن، یان خۆیان گیل دەکرد و چاویان دادەخست، ئەگەر رونتر بلیم کاتیک لەمزکەوتەکانەوە فتوایان دەدا بەدژی ژنانی مەدەنی و نوسەرانی رادیکال و کۆمۆنیستەکان و مزکەوتەکانیان کردبوە شوینی پەروەردەکردنی تیرۆریستان، سودیان لەوەزعی نالەبارو کەمدەرامەتی خەلک وەردەکرت و پارەی سعودیەو پاکستان وەردەگرت و نانیکی رۆژانەیان دەدا بەخەلک و خەلکیان دەکردە ئیسلامی سیاسی و لەمال و مزکەوتەکاندا منالانیان بۆ پاروە نانیکی خیزانەکانیان محاجەبە دەکرد، یەکیتی پارتی نوکەیەکیان لیوە نەدەهات و لەلای سەرەوە دایان دەنان، فتوای ئەدهەم بارزانی بەدژی ریبوار احمد، بەپارە کیَ درا، کیَ کۆمەکی دەکردن، هەردوو ئیدارەکە قسەیەکیان لەدەم دەرنەهات و کاتیک حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەسەر مافەکانی ژنان قسەی دەکردو ئیسلامیەکان و زانایانی ئاینی فتواو بەدژی رۆژنامەکانی بۆپیشەوەو یەکسانی دەوەستانەوەو هەردو ئیدارەی هەولیرو سلیمانی ئەو رۆژنامانەیان راوەستان. بۆ راگرتنی دلی جمهوری ئیسلامی ئیران، لەژیر ناوی چونە دەرەوەی بارەگای حزبەکان لەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقیان

داو چەند هاوریان تیرۆر کردو دەیانی تریان خستە زیندانەوە، هەر ئیستا زانایانی کۆنەپەرست و ئیسلامی و لەپیشیانەوە مەلابەشیر لەمزگەوتەوە بەدژی ساکار ئەحمەد و رۆژنامەیەک کەساکار قسەی تیدا کردوە، فتوا دەدەن، هەردوو ئیدارەکە هیشتا قسەیەکی لەدەم نەهاتۆتە دەرەوەو ئەگەر ئەم باندەی شیخ زانا لەلایەن ئەو مندالەوە کەشف نەکرایە، ئەوا ناودلی پارتیان هەلکۆلیبوو، وە تا ئیستا بەسەدانیانی تریان کە بەوشیوەیەی پارتی شەرمنۆکانە پیشانی دا، تیرۆرو سەردەبری و ئەوا پشتگیریان لەفتواکەی مەلابەشیر دەکرد بەدژی ساکار ئەحمەد.

کەواتە ریگایەکی کە لەبەردەم خەلکی ئازادیخوازو مەدەنی کوردستاندا هەیە، بۆ هەلپیچان و کۆتایی هینان بەتیرۆر؟ بۆ ئەوەی پارتی و یەکیتی بخاتە ژیر فشاریکی گەورەوە کەئەگەر خۆیان ناتوانن و نایانەوی تیرۆر و تیرۆریزم لەناوبەرن، بەلام دەستگیرۆریی تیرویستان نەکەن، تیرۆریستان کەلەبەرگی جۆراوجۆردا دینە پیشەوەو ئەوانیش قەوانی ئیسلام و کۆمەلگای کوردستان ئیسلامیەیان بۆ لینەدەن. یەکیتی و پارتی قازانجیان لەکۆمەلگایەکی ئاسایش و خالی لەتیرۆر نیە، لەبەر ئەوەی ئاسۆیەکیان بۆ دەسەلاتەکەیان هیشتا رۆشن نیە، بە لام قازانجی خە لك جیاواز بۆیە ئەم کارە روبەروی خەلک و هیزی دژی تیرۆر دەبیتەوە.
ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی ئەگەر قازانجی خەلکیان بویت، هەر ئیستا کاتی ئەوەیە ئەگەر چی دواکەوتون، ئەبیت دەستی ئەم تیرۆریستانە کۆتا کەن، بەجیایی دین لەدەولەت، دین ببیتە کاری تایبەتی ئینسانەکان، دین لەپەروەردەو فیرکردن جیابکریتەوە، دین لەسەر سەری خەلک و منالان و ژنان وەک دیوەزمیەک لاببریت، ریگای پێبگیرێت، ئەمانە دەستکەوت دەبن بۆ کوردستان و عیراق و ناوچەکە، ئەو شانۆیەی کەیەکیتی پارتی لەرای گشتی خەلک وەریدەگرن بەدژی جەعفەری و شیعە، ئەبیت لیرەوە بەعەمەلی دەستی پێبکەن بەقازاندی خەلکی کوردستان، جەعفەری و شیعە دیدگاو بەنامەکەیان دینیەو لیرەوە ناتوانن وەلام بەخواست و داوای خەلکی کوردستان بدەنەوە، ئەبیت کابکریت ریگەیان لبگیریت، باندو تەسەورەکەیان بەرتەسک بکریتەوە، کەلەعیراقدایشدا دەستی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی لەسەر سەری خەلک کۆتا بکریت، لیرەوە خەلکی کوردستان دەتوانن بەهرەمەند بن لەخواست و ریگا چارەیان، ئیتر ئەوە خۆشخەیالیە کەپارتی و یەکیتی هەیانە بەوەی رۆژانە بەشان وبالی یەکیتی عیرا ق و یەکپارچەیدا هەلدەدەن و ئیسلام و ئیسلامی سیاسی تیایدا حاکمە و بیانەوی کوردستان بیئارەق دەرچیت، بەلام دیارە پارتی و یەکیتی بازاری حزبەکانیان لەدەولەتیکدایە کەشەریعەت و ئیسلام تیادا حاکم بیت و یاساکان لەویوە سەرچاوە بگریت، ئەگەر نا ئەوا هەر ئیستا زەمینە هەیە لەکوردستاندا ئەوە بکەن.
ئەگەر ئەوان ئەوە ناکەن و وەک 15 سالی رابردوو ئیدامە دەدەن، حکومەتەکەیان ساوایە، ئیسلام دینی خەلکە، هیچ شتیک نیە فریودان نەبیت، بۆیە ریگایەکی تر لەبەردەم خەلکدا کەبینە مەیدان و جیایی دین لەدەولەت و پەروەردو فیرکردن و هەلوەشاندنەوەی ئەوقاف و نەدانی هیچ پارەو ئیمکانات بەهیزە ئیسلامیەکان و تەقویەت نەکردنیان بکەنە داواکاری و بیسەپینن بەسەر ئەحزابی کوردی حاکمدا، هەر ئەمە دەتوانیت زامنی هەلپیچانی تیرۆرو تیررۆریستانی ئیسلامی بکات لەکوردستان و کۆمۆنیزمی کریکاری لەپیشەوەی ئەم حەرەکەتەدایە.

2005-7-25